سەعەی گەورەو چایخانەکەی -

لە سالێ پەنجاکان بە دواوە لەو سەردەمەی کە تەم و مژی عیراقییەتی و برایەتی کوردی ژێر دەستەو دالگرکەرەکانی بو بو بە وێردی سەر زمانی کاسە لیسەو پاشماوە خۆرو بێگانە پەرستی بە هۆی ئەو ئایین و ئۆینەو تەلەکەبازی یەوە خەریک بوو خۆرهەڵاتی جوانی کوردستانی ئەو تەم و مژە دای بۆشێ وەزیاتر گەلی رەش و رووتی کوردو کوردستانی لە زوقمی دیلیە تیدا بتلێنەوە و زیاتر هەولێ ئەوەیان ئەدا کە ناوی کوردستان وەیا ڕزگاری و بیر کردنەوە لە سەربە خۆیی بە تاوان دابنێن وەیا ئەوانەی کە لە ڕێبازی کوردایەتی لایان نەئەدا و پێیان دەستەموّ نەئەکران وەنەیان ئەتوانی وایان لێ بکەن کە دەستەردارى نەتەوەو نیشتمانەکەیان بن ، لە جیاتی ناوهێنانی شێخ سەعیدی پیران و کەلەپیاوەکانی بەدرخانیەکان و سمکۆی دلێرو هەڵوێستە نەبەردەکانی بەرزانی نەمرو هەولێرانی ئەوروەحمان پاشای بابان لە گەڵ شێخ مەحمودی زیندو هەرزانی کەلەپیاوانی ڕێبازی کوردایەتی تڕا ئاڵەو بێگانە پەرستانە کە تا بینە قاقایان لەلیتەی بێگانە پەرستیدا نوقوم بو بوو هەرزانی ناوو ناتۆرەیان لەوانە ئەنا کە شانازی یان بە فێڕووی نەتەوەکەیانەوە ئەکرد ، وەکوردستانیان بە موڵکی کورد ئەزانی وە بە فرۆفێڵی برایەتی درۆ فریویان نە ئەخوارد ، ئا لەو کاتەدا ناوی نازم حیکمەت وەچەندەهای وەکو ئەو کە بە زێڕی زیانی ناوی کوردی نەهێناوەو نەلە سەری کردۆتەوە ، ئەو سەردەمە چایخانەکەی کاکە سەعە بوو بوونەی نەتەوەیی یەکان و نیشتمان پەروەرەکانی کورد ئەوانەی کە بە ڕووی دوژمن و دالگرکەراندا هەڵئەشاخانەوەو بەرگریان لە مافی چارەنوسی نەتەوەی کورد ئەکردو لە سەنگەری شۆڕش و تۆڵە سەندن و بەرگە گرتنا وەستا بوون وەک چیا بەرزە قەشەنگەکانی کوردستانە کە تا ئێستاش کە ردون نەیتوانیوە سەریان پێ دابنەوێنێ ، بەڵێ سەعەی گەورەی کایەتی لە شاگردەکانی بۆ ڕۆژی چەوساوەو بەش خوراوی لێوە دەهات ، بەڵام [redacted] بۆ پارەو پوول دانەنراو وەنە بە تەنگ گیرفان پڕ کردن و لرف [redacted] بۆ ئەوەی یادی ئەو کوردە لە بیر نەکرێتەو هەڵوێستی [redacted] بکرێتە ، بەڵێ کاکە سەعە پیاوێکی نەخوێندەوار بوو بەڵام کوردایەتی ئایین بو لای وەک زۆرەوە لە فرۆفێڵی تەلەکەبازی و برایەتی درۆ و ئایین و ئۆینی بێگانە پەرستی تێگەیشتبوو ، ئەگەر دوو ڕۆژ نەچوومایە چایخانەکەی ئەی دوێ بۆ دیار نەبێت ، ئۆ ئەزانیت دڵم بە ئێوە مانان ئەکرێتەوە وە هەموو جوانی جیهان لە ئێوەدا ئەبینم چونکە دەرسی کوردایەتیتان فێر کردووم و شایلێتەی ئاگرتی بەردانتان داوەتە دەست هاوڕێیانی ئەم بیرە نەمرە بۆ ئەوەی لە هەر دەرفەتێکدا بێت بەربەرێتە گیانی هەموو دڵ و دۆزگای دالگرکەران و زۆرداران ، ئێمە هەڵگری ئالای سەربەخۆیین بەڵام وەلێ لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆی جیهاندا نەبین بەڵکو داوای برایەتی و یەکسانی پاستەقینە ئایین و شادی ئێمەیە بە مەرجێ

لە جیهاندا نەتەوەیەك بە شێ نەتەوەكانی تر دانگیر نەكات وە لەهەموویان وەك یەك
لە خاك و نیشتمان كەیاندا بە سەربەخۆیی و سەربەستی ژین وە چەوساندەوەی مرۆڤ
نەمێنێت تا سەردەمی ئەوانە نەكەون كە بوونە كۆیلەی پرۆژە و سەعات و جەماوەری
پەشاو رووتی كوردیان لە بیر چوونەتەوە ، بانگیت دە هۆڵی بێگانە پەرستی و سێبەری
لە ناوماندا كپ كرێت وە دەستنیشانی دۆست و دۆستی خۆمان لە نەتەوەكەمان چەواشە
نەكەین كوردستان پێش زۆر نەتەوەی ئێستەی پرۆژەهەڵاتی ناوەڕاست كە ئێستا دەستیان
بە سەردا گرتووە موڵكی كورد بووە هەڵوەستی ئەمرۆی جیهان و خێرخوازو لایەنگرانی و
مرۆڤ دۆستانی كورد زۆرە ، دونیای ئەمرۆ بەرەو دونیای سەربەستی و رزگاری
هەنگاو دەنێت ، پرۆژەیەك دێت پەیكەری ئەوانە بڕازێنێتەوە كە مرۆڤ دۆست و ئاشتیخوازی
ڕاستەقینە بوون كورد هیچ پرۆژەیەكی بیری لەوە نەكردۆتەوە بەستێنی نەوەی كەسانێكی تر،
دانگیركات یا ماف خەڵكانی تر هەڵوەشێنێ .

لە كۆتاییدا سڵاوەو پێزو نەوازشمان بۆ كەڵە پیاوانی نەتەوەكەمان هەبێ سەبارەت بە هەڵوێستی
پێگەی رزگاری كوردو كوردستان وە هەر دژایەتێك خوێنی ڕژاوی پێشمەرگە قارەمانەكان
لە هەركۆنجێكی كوردستانی خۆشەویستدا ڕژابێت شەپۆلە هێزەرەی ئومێدی رزگاری ،
كاكە سەعید توێژی دڵنیا بەئاوانەكەت دێتەوی دەرەنگ یا زوو .

عەلی سام ئاغا
١٩٩٢/٢/٢٧